# هەڵبژاردن لە ژێر سایەی داگیرکەراندا نمایشێکی درۆ ئامێزە

ئاسۆ شابان_ هۆڵەندا
a_shaban1@hotmail.com
19/1/04

## پێشەکی :

**ئەم نووسراوە لە ئەنجامی قسەو باسو پرسیارێکدا هاتووە کە لەگەڵ هاووڕێیانی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی هۆڵەندادا کراوە ، ئەم نووسراوەم لە لایەن هاووڕێ(ماینا ڤان دێر زڤان ) وە لە بەرواری ( ٢٠٠٥/١/١٠ ) بەدەست گەیشتوە لەگەڵ هەندێ ڕوونکردنەوەی تردا ، بەڵام خودی وەڵام بە پرسیارەکانی من لەلایەن هاووڕێ ( پیتەر ستۆرم ) وە وەڵام دراوەتەوە ، من لەکاتی بەرجەستە کردنی وەڵامەکانو شیکردنەوەی هەندێ خاڵدا ، ناچار بووم بە چەند ووشە یان ڕستە زیاتر لە خۆی درێژەی پێبدەم ، بە دڵنیاییەوە لە سنووری ناوەڕۆکی باسەکە لای نەداوە ، تەنها زیاتر ڕۆشنکردنەوەی هەندێ مانا یان هەڵوێستە بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی دروست بوونی ناڕۆشنیەک لە تێگەیشتن .**

ئایا هەڵوێستی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی هۆڵەندا چیە لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ؟

لە ڕۆژی ( ٣٠ یەنیوەری ٢٠٠٥ ) لە عێراق هەڵبژاردن دەکرێت ، بە پێی ئەو پلانەی کە ڕژێمەکەی (عەلاوی) و ئەمەریکا دایان ناوە ، ئەو ڕژێمەی کە لە لایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانیەوە سەپێندراوە .

چۆن ( ١٥٠٠٠٠ ) سەربازی ئەمەریکی ئەو وولاتەیان داگیرکرد ، دەبێت هەر بەردەوامیش بن بۆ ئەوەی بە پێی توانا هەڵبژاردنێکیش ئەنجام بدەن ، ئەمە هیچ کات لەگەڵ ئێمەدا نایەتەوە ، بەڵام زۆربەی زۆری خەڵکی عێراقیش دژی داگیرکردن هەڵوێستیان وەرگرتوە ، جگە لەوەش دژی هەڵبژاردنیشن .

بەرەنگاربوونەوەی داگیرکردن لە جێی خۆیدایەتی ، ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردنیش هەمان هەڵوێستە .

بۆچی ئەمەریکا دەیەوێت ئەم هەڵبژاردنە بکات ؟

بە دڵنیاییەوە لەبەر ئەوە نیە کە بیەوێت یارمەتی خەڵکی عێراق بدات ، هێرشە دڕندانەکەی مارتی ( ٢٠٠٣ ) ، ئەم داگیرکردنە خوێناوییەی بە دوای خۆیدا هێنا ، دەتوانین ئێمە ئەمە بەباشی ببینین .

بە پێی گۆڤارێکی تەندروستی * نزیکەی (١٠٠٠٠٠ ) عێراقی بەهۆی ئەم داگیرکردنەوە گیانیان لە دەست داوە ، ئەم ئامارە چەند مانگ لەمەو بەر دەست نیشان کراوە .

لە نۆڤەمبەری ( ٢٠٠٤ ) دا لە ئەنجامی هێرشێکی سەربازی ئەمەریکی بۆ سەر شاری فەلوجە ، ئەم شارە تەواو لەگەڵ زەویدا هاوجووت بوون ، هەزارەها خەڵك لە دژە داگیرکەرانو دانیشتوانی شارەکە لە لایەن داگیرکەرانەوە لە نێو بران ، بەم شێوەیە شار لە دوای شار وێران دەکرێت .

مرۆڤایەتی هیچ تایبەتمەندێتیەکی نیە بۆ ئەم داگیرکردنەی ئەمەریکا ، ناشتوانن ئەم پێداگرتنەی ئەمەریکاش لەسەر ئەم هەڵبژاردنەش بە جێگەی هۆشو بیر دابنێن.

کاتێك ئەمەریکا هێرشی کردە سەر عێراق ، چنگی پڕبوو لە هۆکارەکانی شەڕ ، پێویست ناکات ئێمە لەسەر هۆکارە گشتیەکان درێژە بدەین چوونکە ڕۆشنە ، چەکە کۆمەڵ کوژەکان لە هیچ شوێنێك نەدۆزرانەوە ، هیچ جۆرە پەیوەندیەکیش لە نێوان ڕژێمی کۆنی عێراقو باندی (القاعدة) دا نەسەلمێندرا ، هۆکارە سەرەکیەکان هەمووی درۆ دەرچوون .

هۆکارە سەرەکیە ڕاستەقینەکانی ئەم شەڕە ، هۆکاری ئابووری بوون ، بەلأم بە شێوەیەکی ستراتیجی سیاسی .

ئابووری : ئەمەریکا ویستی ئەو برە زۆرە کەڵەکەبوەی نەوتی عێراق لە ژێر دەستی خۆیدا بێت و یاری پێبکات لە کاتی ڕێکەوتنو کڕینو فرۆشتنی نێو دەوڵەتیدا ، ویستی لە هەمان کاتیشدا هێزێکی سەربازی هەمیشەیی لە عێراقدا جێگیربکات ، بۆ ئەوەی هێزی قورسایی خۆی لە نێو دەوڵەمەندەکانی نەوتی خۆرهەلأتی ناوەڕاست بەڕێوە بەرێت ، کێش دەسەلأتو هێزی هەبێت بەسەر نەوتدا ، هێزو کاریگەری تەواوی دەبێت بە سەر پانتایی ئابووری جیهاندا .

قازانجی نەوتو دەسەلأت دوو هۆکاری سەرەکی بوون بۆ هێرش کردنە سەر عێراق و داگیرکردنی .

لە پلانی ڕژێمی تازەی عێراقدا تەواو ئەم دوو خاڵە پیادە دەکرێت :

١- ڕێگەدان بە جێبەجێ کردنی پلانەکانی ئەمەریکا .

٢- سازدانی سەرخانێکی باش بۆ زیاتر بڕوا بوون بە هەمان سیاسەت .
ئەمەریکا بە پێی بیروورِای خۆی ویستی ئەم کارە بێ هەڵبژاردن ڕێك بخات ، لە ڕێگەی سستەمێکی ڕاوێژکارانەوە ، ئەمەریکاو دەسەڵاتدارانی عێراق پێکەوە بڕوانامەیەکیان بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی ئەمەریکا ڕێکخست ، ئەفسەرێکی ئەمەریکی کە بۆ ئەم جێگەیە دانرابوو ، هەوڵیدا ڕێکخستنێك درووست بکات لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە ، بۆ ئەوەی پاشەکشە بکات بەو دەستە باڵایەی کە پارتێك لە پارتەکان نەیەوێت یان هەڕەشە لە سەرکەوتنی ئەمەریکا بکات .
ئەمەریکا دەیەوێت بە دڵنیاییەوە گوریس بەندی هەموو خەڵك بکاتو بەلای خۆیدا ڕایانکێشێت ، بەڵام لە یەنیوەری (٢٠٠٤) دا هەزارەها خەڵك لە عێراق خۆپیشاندانیان سازدا ، بەتایبەتی لەبەشی کۆمەڵگا شیعیەکەی باشووردا ، لە پێناو هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆدا ، ئەوان لەژێر سایەی ڕابەری شیعەکان ( سیستانی ) دا ئەمەیان ئەنجامدا ، ئەوان هیوایان وابوو کە بتوانن لە ڕێگەی زۆرایەتی شیعەکانی عێراقەوە کە لە ( ٦٠% ) ی دانیشتوان پێك دێنن بێنە دەسەڵات .
هەروەها شیعەکانی عێراق ویستیان فشارێك بەم خۆپیشاندانانە لە سەر ئەمەریکا دروست بکەن ، تا ئەمەریکا ناچار بێت ( سیستانی ) و لایەنگرەکانی وەك هێزێکی زیندوو لە گۆرەپانی سیاسی عێراقدا چاو لێبگرێت .
خۆپیشاندانەکانیش خۆی لە خۆیدا شێوەیەك بوو لە جۆرێك لە وەڵام بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەو سیاسەتەی کە داهاتووی عێراق لە دەستی خەڵکدایەو ئەمان دەبێت دەستیان هەبێت لە چارەنووسی وولاتەکەیاندا ، پاش چەندەها ساڵ لە ژێر دەستەیی ڕژێمی دیکتاتۆری ( صەدام ) و دەرخستنی هێزێك بۆ ئەوەی هێزی داگیرکەران لە کارەکانیان پاشەکشە پێ بکات .
ئەمەریکا ، ڕووبەڕوی ئەم بەرەنگار بوونەوەیە بوەوە کە بوە هۆی هەڕەشەی ڕاپەرین ، بۆیە بەخێرایی گەرایەوە دواوەو لەو کاتەوە لە هەولَی دەست گرتنیەتی بە پەرژینی هەڵبژاردنەوە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆ ( سیستانی ) و لایەنگرەکانی کارێکی باش بوو ، بۆیە هەوڵیاندا لە پێناو بەدەست هێنانی سیاسەتەکەی خۆیاندا هەموو جۆرە ڕێگە چارەیەك بخەنە کار ، بەڵام ئەوەی لە پشتەوەی ڕووداوەکانەوە ڕوودەدات هەر وەك خۆی ماونەتەوە .
ڕژێمی تازەی عێراق هەوڵیدا بە شێوەیەك دەرکەوێت کە خاوەنی ناسنامەیەکە ، بۆ ئەوەی بتوانێت کە نەوت بە کۆمپانیەکانی ئەمەریکا بفرۆشێت و ڕێکەوتن نامەی

مانەوەی هەمیشەیی هێزی سەربازی ئەمەریکا لە عێراق مۆر بکات .
هەڵبژاردن دەبێتە هۆی پێدانی بڕوا بوون بەو ڕژێمەی کە هەیە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا نەشتەرگەریەکی پێش وەخت بوو بۆ سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراق .
لە نێوەندی ساڵی ( ٢٠٠٤ ) دا ، داگیرکردن نەشونمایەکی مەزنی بە خۆیەوە بینی، لە مانگی ئەپریلی (٤) هەمان ساڵدا یەکەم هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر فەلوجە دەستی پێکرد ، لە هەمان کاتدا ڕاپەرینی ڕێبەری ڕادیکالی شیعەکان ( الصدر ) سەری هەڵدا، کاتێك هێزەکانی ئەمەریکا ڕۆژنامەکەی ( الصدر ) یان داخستو هێرشیان ئامادە کرد بۆ ڕاوکردنی .
دووەم ڕاپەرینی ( الصدر ) لە مانگی ( ٨ ) ی هەمان ساڵدا کۆتایی هات ، پاش ناوبژی کردنی ( سیستانی ) بۆ ئەم ڕاپەرینەو کەڵك وەرگرتن لە دەست نیشانکردنی شێوەی خەبات دژی هێزی داگیرکەرانو شێوەی مانەوەی ئەو هێزە لە عێراق .
بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ، نێوبردنی خەڵکی ( سنی ) لە ناوەڕاستو باکووری عێراق جێی خۆیەتی ، چونکە ئەوانیش گورزێکی باشیان لە هێزی ئەمەریکاو ڕژێمە داردەستەکەی ( علاوی ) دا .
خەڵکانی ( پۆلیس و سەرباز ) ی عێراقی کە یارمەتی کاربەدەستانی ئەمەریکی دەدەن بۆ ئەنجامدانی پیادەکردنی سیاسەتەکانی ئەوان ، بوونەتە قوربانیەکی گەورە ، گەرچی زۆر لە سەربازە دەرکراوەکانی سوپای عێراقی کۆن ڕێدەکەن بۆ شێوەیەك لە ڕێکخستن بۆ بەرەنگاربوونەوە .
هێزی بەرەنگاربوونەوە بە شێوەیەك بەربلاوو چالاکن کە دروست کردنی هەڵبژاردنێکی باوەڕپێکراوی کردۆتە مەحاڵ .
لەو بەشەی کە زۆرینەی خەڵکی ( سنی ) ین بڕیار دراوە کەمترین خەڵك بچن بۆ دەنگدان ، نەك تەنها لە ترسی کاری خۆکوژی و تەقاندنەوە ، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لەبەر بەشدار نەبونیانە لەم هەڵبژاردنەدا .
پارتە ئیسلامیە عێراقیەکان ، بەشی کۆمەڵە ( سنی ) یەکەی ، بانگەوازی پاشەکشەیان کرد لە هەڵبژاردندا ، هەندێکیان لە ڕێگەی بڕیاری لیژنەی ڕێبەرایەتیەوە و هەندێکی تریان لە بەر ئەوەی دژی داگیرکردنن .
لیژنەی بێلایەنی کاتی هەڵبژاردن ، ڕازی نەبوو بە ئاشکرا کردنی ناوی ( ٧٠٠٠ ) کەس کە بۆ خۆپاڵاوتن لەو هەڵبژاردنەدا خۆیان ئامادە کردبوو ، لەترسی دروست بوونی مەترسیەك لەسەر ژیانیان .

کەواتە تۆ چۆن دەتوانیت هەڵبژاردنێك ئەنجام بدەیت ، کە پاڵێوراوان نەتوانن بە ئاشکرا ناوی خۆیان دەست نیشان بکەن ، یان پاڵێوراوان نەتوانن بە ئازادانە لە نێو خەڵکدا قسەبکەن‌و بێن‌و بچن ؟!!

گەر بەم شێوەیە بێت کەواتە تۆ هەڵبژاردنێك دەکەیت بە شێوەیەکی شارراوەو لە نهێنیدا ، تەنانەت پارتە سیاسیەکانیش ناوی پاڵێوراوەکانی خۆیان بە شێوەیەکی نهێنی دەپارێزن .

بارودۆخەکە بەم شێوەیە دەچێتە ڕێوەو تەنانەت سەرۆکی عێراق هەر وەك بووکە سەماکەرەیەك دێت‌و دەچێت‌و لایەنی کەم خۆی دزیەوە لە دەست نیشان کردنی هۆیەك بۆ دواخستنی ئەم هەڵبژاردنە .

چەند هەفتە لەمەوبەر پارێزگاری بغداد لە لایەن بەرەنگار بووەکانەوە گیانی لە دەستدا ، فەلوجەش بریتیە لە وێرانکراوێکی داڕووخاو ، دانیشتوانەکەی ئەوانەی هیوادار بوون بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان ، پاش ئەوەی شارەکەیان بە وێرانکراوی بینیەوە ، مانەوەیان لە ئۆردووگای پەناهەندەیەکەیاندا بە باشتر زانی .

لە ژێر چ ڕوونکردنەوەو شیکردنەوەیەکدا دیاردەی هەڵبژاردن خۆی دەردەخات و جێگەی پێشنیار دەبێت لەلای دوو کۆنە پاڵەوانی لاوازی وەك ( علاوی و بۆش ) نەبێت.

پرسیارەکە ئەمەیە :

ئایا چەندە خەڵکی عێراق بڕوا بەم درۆیە دەکەن ؟ ، جار جارێك گوێمان لە هەندێ کەس دەبێت وەك ( بۆش و ڕامسفیلد و عەلاوی ) کەوا کەمێکیان ماوە سەرکەوتن بە دەست بهێنن ، ئەم جۆرە گرژ بوونەش لەلایەن ئەوانەوە ، لە هێزی بەرەنگاربوونەوەوە سەرچاوەی گرتوە .

کاتێك لە هاوینی ( ٢٠٠٣ ) دا کوڕەکانی ( صدام ) لە لایەن داگیرکەرانەوە کوژران ، وا باسکرا کە ئەمە هەرەسی هێزی بەرەنگاربونەوەیە ، کاتێك ( صدام ) خۆی لە دێسەمبەری هەمان ساڵدا دەست گیرکرا ، وا دەست نیشان کرا کە ئەمە کۆتایی بنبڕ بوونی یەکجارەکی هەموو جۆرە بەرەنگاربوونەوەیەکە لە عێراق ، لە بەرواری ( ٢٨ / ٦ / ٢٠٠٤ ) دا بە شێوەیەکی زۆر بە پەلە دەسەڵاتی عێراق درایە دەست ( عەلاوی ) ، ئەو کات لە لایەن ئەمەریکیەکانەوە بیستمان کەوا بە دڵنیاییەوە هێزی بەرەنگاربوونەوە لە گیرفانێکی داخراودا تووند کرا .

بەڵام ، جار لە دوای جار بەرەنگاربوونەوە درێژەی کێشاو بەربڵاوو ڕوو لە گەشە بوو، هەروەك چۆن ئێستا دەیبینین .

**خەباتێکی ڕاستەقینەی خەڵکی عێراق ، کە وەک بەرەنگاربوونەوە دژی هەوڵدانێکی قێزەوونی سیاسەتێک کە بیەوێت عێراق بکاتە کۆڵۆنیالێکی ئەمریکی ، نابێت داردەی هەڵبژاردن ، ئەگەر هاتوو بەردەوامیش بێت ، لە خەباتکردن دژی کۆڵۆنیال کردنی عێراق بوەستن و پاشەکشە بکەن .**

=================================================

*- ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست / ( is )

*- گۆڤارێکی پزیشکی مەبەست ( The lancet ) ە